**زانكۆ**: سەلاحەددين- هەولێر

**كۆلێژ**: زمان

**بەش**: كوردی

**بابەت**: ئەدەبی كۆنی كوردی

**مامۆستا**: سۆران بهاءالدين عزالدين

**ساڵی خوێندن**: 2023-2024

**قۆناخ**: دووەم

**كۆرس**: يەكەم

**يەكەم رۆژی خوێندن**: 2023/9/3

**كۆتايی كۆرس**: 2024/1/20

**پەرتووکی کۆرس**
**Course Book**

| | |
|---|---|
| .1ناوی کۆرس | ئەدەبی کۆنی کوردی |
| .2ناوی مامۆستای بەر پرس | **سۆران بهاءالدين عزالدين** |
| .3بەش/ کۆلێژ | کوردی/ زمان |
| .4پەیوەندی | ئیمێل:<br>soran.ezedin@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن :<br>07504549452 |
| .5 یەکەی خوێندن(بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 3<br>پراکتیک: 0 |
| .6 ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا:<br>هەفتەی 3 رۆژ. |
| .7کۆدی کۆرس | ئەدەبی کۆنی کوردییەوە |
| .8پرۆفایەلی مامۆستا | د. سۆران بهاءالدين عزالدين<br><br>مامۆستا لە بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.<br><br>لە ساڵی 2004-2008 قوتابی بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین بووە، پاشان لە هەمان کۆلێژ بووەتە موعید.<br><br>لە ساڵی 2012-2014 قوتابی ماستەر بووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین، نامەی ماستەرەکەی لە سەر (دەقاوێزان لە شیعرە کوردییەکانی (مەحوی) دا) بووە، پاشان نازناوی (مامۆستای یاریدەدەر)ی وەرگرتووە، لە ساڵی 2019 نازناوی (مامۆستا)ی وەرگرتووە.<br><br>لە ساڵی 2019-2023 قوتابی دکتورا بووە، لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، نامەی دکتۆراکەی بە پلەی نایاب پەسندکراوە، بە ناونیشانی (جیهانبینیی سالم لە شیعرە کوردییەکانیدا) .<br><br>لە کۆلیژی زمان وانەی: ئەدەبی کۆنی کوردی ، ئەدەبی بەراوردکاری ، ئەدەبی رۆژنامەگەری و میدیاناسی ، گەشەپێدانی مرۆیی گوتووەتەوە، پێشتریش بۆ ماوەی 4 ساڵ لە 2009-2013، وەکو وانەبێژ، وانەی کوردی بە قوتابیانی ئامادەیی گوتووەتەوە.<br><br>لە ساڵی 2006 ەوە کاری رۆژنامەگەری دەکات و ئەزموونی کارکردنی لە رۆژنامە و تەلەفزیۆن و رادیۆ و دیجیتاڵ میدیا هەیە، لە میدیا دیارەکانی هەرێمی کوردستان کاری کردووە. |
| .9وشە سەرەکیەکان | |

**10.ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

ئەدەبی کۆن یان کلاسیک، بەشێکە لە مێژووی نەتەوەیەک، کە کەلتووری نەتەوەیەک لە رێگەی ئەدەبەوە دەگێردرێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەو ئەدەبە بووەتە بەشێک لە پاراستنی زمانی نەتەوەکە، ئەدەبی کلاسیک لە ئاستێکی بەرز دایە، بە جۆرێک خۆی سەلماندووە تا بمێنێتەوە، بە هۆی بەرزی خۆیەوە سەردەمەکانی تێپەڕاندووە.

**11.ئامانجەکانی کۆرس:**

زانیاری پێدان بە قوتابییانی بەشی کوردی بۆ شارەزابوون لە بارەی ئەدەبی کۆنی کوردی و شارەزابوون لە سەرەتای دەستپێکردنی شیعر و پەخشانی کوردی.

**12.ئەرکەکانی قوتابی:**

قوتابییان لەسەریانە، کە دوو تاقیکردنەوە لە دوو کاتی جیاواز لە وانەکە بکەن، هەروەها ئامادەبوونی قوتابییان لە وانەکەدا بە بایەخەوە سەیر دەکرێت، لە کاتی نەهاتنی لە رێژەی دیاریکراو سەرۆکایەتی بەشی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، تا لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ بکرێت، هەروەها بەشداری قوتابییان لە وانەدا نمرەی لەسەرە، لە هەمان کاتدا هەموو قوتابییەک دەبێت سیمینارێکی لە سەر یەکێک لە بابەتەکانی ئەدەبی کۆن ئامادە بکات، کە ئەو سیمینارە دەبێت سەرچاوەی جۆراو جۆری تێدا بەکارهات بێت، هەروەها ئەو سیمینارە دەبێت لە راپۆرتێکی نووسراودا پێشکەش بکات.

13.ڕێگەی وانە ووتنەوە:

لە کاتی وانەوتنەوەدا لەگەڵ پێدانی زانیاری، پشت دەبەسترێت بە گفتوگۆکردن لەگەڵ قوتابی و بەشداری پێکردنی قوتابی لە وانەکاندا، هەروەها هەوڵدەدرێت تەکنیکی فێرکردنی نوێ بەکاردێت، لە کۆمپیوتەر و داتاشۆ و نووسراو و تەختە رەشە.

**14.سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

قوتابی بەدرێژایی ئەم ساڵەی خوێندن دوو تاقیکردنەوەی پێ دەکرێت، هەریەک لە تاقیکردنەوەکان 15 نمرەی لەسەر دەبێت، 10 نمرەش لەسەر ئامادەبوون و چالاکی ڕۆژانە و کیوز دەبێت، کە دەکاتە 40 نمرە بۆ کۆششی ساڵانە، تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیش لە سەر 60 نمرەیە، کۆی گشتی نمرەی سەر کارتی بۆ دەردەچێت.

**15. ئەنجامەکانی فێربوون:**

ئامانج لەو کۆرسە، زانیاری پێدان بە قوتابییانی بەشی کوردی، بۆ شارەزابوون لە بارەی ئەدەبی کۆنی کوردی و شارەزابوون لە سەرەتای دەستپێکردنی شیعر و پەخشانی کوردی، هەروەها بە بەردەوامی قوتابییان هاندەدرێت، کە چۆن بتوانن ببنە لێکۆڵەر لە بواری ئەدەبدا، بە تایبەتی لە رەخنەی شیعر و رۆمان و چیرۆکدا، هەروەها ئاستی زمانەوانی خۆیان بەرزبکەنەوە، بە جۆرێک بتوانن وەک زمانەوان کار بکەن لە میدیاکان و دەزگا و کۆمپانیاکان.

**16.لیستی سەرچاوە:**


- ئەدەبی کۆنی کوردی، د. ابراهیم احمەد شوان، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2012.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، 7 بەرگ، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010.
- مێژووی وێژەی کوردی، سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)، دوو بەرگ، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2008.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، علاالدین سجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، 1952.
- تێکستی ئەدەبی کوردی، دکتۆر محمد نوری عارف، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، 1981.
- وێژەی کوردی و رەخنەسازی، پرۆفیسۆر کامل حەسەن بەصیر، چاپخانەی دار الجاحڤ، بەغدا، 1990.

- ڕێبازە ئەدەبییەکان ، عبدالله الاصفر ، و: د.ئازاد عبدالواحد کريم ، چاپخانەی ئاراپخا ، کەرکوک، 2008.
- ڕێبازە ئەدەبییەکان، و. د. فەرهاد پیربال، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004.
- ڕێبازە ئەدەبییەکان، پ.ی.د. هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007.
- مێژووی پەخشانی کوردی، عەلائەددین سجادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2000.
- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، عزالدين مستەفا رسول، چاپی دووەم، سلێمانی، 1979.
- راڤەی دوو بەیتەکانی بابەتاهیری هەمەدانی، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2015.
- دیوانی هەموو شاعیرانی کۆنی کوردی (باباتاهیری هەمەدانی، پووری فەرەیدوون، خانای قوبادی، فەقێ تەیران، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، مەحوی، سالم، کوردی، حاجی قادری کۆیی.. تەواوی شاعیرانی کلاسیک).


| ناوی مامۆستای وانەبێژ | 17. بابەتەکان |
| --- | --- |
| م. سۆران بەهادین عیزەدین<br>یەکەی وانەکە: 3 یەکە | **هەفتەی یەکەم:**<br>پێشەکییەک لە بارەی ئەدەبەوە، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەب، لە بارەی شیعر و پەخشانەوە.<br>**هەفتەی دووەم:**<br>رووخسار و ناوەرۆکی شیعری کۆنی کوردی، مێژووی پەخشانی کوردی<br>**هەفتەی سێیەم:**<br>لە بارەی دیالێکتی لوڕی، تایبەتمەندی و رووخسار و ناوەرۆکی شیعر لە دیالێکتی لوڕی.<br>**هەفتەی چوارەم:**<br>سەردەم و ژیان و بەرهەمی باباتاهیری هەمەدانی و ناوەرۆکی شیعرەکانی.<br>**هەفتەی پێنجەم:**<br>لە بارەی دیالێکتی گۆرانەوە، تایبەتمەندی و رووخسار و ناوەرۆکی شیعر لە دیالێکتی گۆراندا. + ئەدەبیاتی ئەهلی حەق (سروودەکانی سەرەنجام)<br>**هەفتەی شەشەم:**<br>خانای قوبادی.. ژیان و بەرهەمەکانی.<br>**هەفتەی حەفتەم:**<br>مەولەوی: ژیان و بەرهەمی، رووخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانی<br>**هەفتەی هەشتەم:**<br>مەستوورەی ئەردەلانی.<br>**هەفتەی نۆیەم:**<br>لە بارەی دیالێکتی کرمانجی ژووروو<br>**هەفتەی دەیەم:**<br>فەقێ تەیران.. ژیان و بەرهەمی.. ناوەرۆکی شیعرەکانی.<br>**هەفتەی یازدەهەم:**<br>مەلای جزیری.. ژیان و بەرهەمی.. ناوەرۆکی شیعرەکانی<br>**هەفتەی دوازدەهەم:**<br>ئەحمەدی خانی.. ژیان و بەرهەمی.. ناوەرۆکی شیعرەکانی..<br>**هەفتەیی سێزدەهەم:**<br>عەلی حەریری.. ژیان و بەرهەمی.. ناوەرۆکی شیعرەکانی..<br>**هەفتەی چواردەهەم:**<br>پەخشانی کۆنی کوردی<br>پەخشانەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی |

**18.بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)**

| |
|---|
| لەم کۆرسەدا لایەنی پراکتیکی بایەخ بە ژیان و بەرهەمی شاعیران دەدرێت، لە بواری شیعر و پەخشاندان چونکە ئەدەبی کۆنی کوردی، ئەوەی هەیە تەنیا شیعر و پەخشانە و زیاتریش شیعرە. |
| 19. تاقیکردنەوەکان: چەند پرسیارێکی نموونەیی:<br>بنەماکانی ئەدەب چییە؟ بە چی دەگوترێت ئەدەب؟<br>ئایا ئەدەب بە شیعر دەستپێکردووە؟ یان بە پەخشان؟<br>رووخساری شیعری کۆنی کوردی چۆن بوو؟ قالبە شیعرییەکان چین؟<br>ناوەرۆکی شیعری کۆنی کوردی چۆن بوو؟<br>تایبەتمەندی شیعری کۆنی کوردی چین؟ جیاوازی چییە لەگەڵ شیعری کلاسیکی ئەوروپی؟<br>لە روانگەی شیعرییەکانییەوە، ئایا بابا تاهیر سەر بە چ ئایینێک بووە؟<br>بەرهەمەکانی بابا تاهیر چین، لە بارەیانەوە بدوێ؟<br>رووخساری شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی چۆن بوو؟<br>ناوەرۆکی شیعرەکانی باباتاهیری هەمەدانی چۆنە؟<br>باسی شیعری خۆشەویستی لای بابا تاهیری هەمەدانی بکە؟<br>سەرەتای دەسپێکردنی شیعری ئایینی یارسان چۆن دەستپێکرد؟<br>حەوت دەورەی کردگار چ کاریگەرییەکی هەبووە لە سەر دەستپێکردنی شیعری یارسانەکان؟<br>بەرهەکانی خانای قوبادی چین؟ لە بارەیانەوە بدوێ. |
| 20. تێبینی تر |
| 21. پێداچوونەوەی هاوەڵ:<br>ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.<br>هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت . |